# گرێی کازمی لای گرووپە چەکدارەکان

10-11-2021

**نووسەرەکان**

ناوەندی لێکۆڵینەوەی ڕووداو

**کورتە :** لەدوای هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا کازمی لەرێگای هێرشی درۆن بۆ سەر ماڵەکەی، پەیوەندی گرژی مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیران و گرووپە وەلائییەکان پێی نایە قۆناخێکی نوێ لە ئاڵۆزی و پێکدا هەڵپژان. هەرچەندە ئێستا هاوپەیمانی فەتح و گرووپە چەکدارە شیعەکان

یاسین تەها

لەدوای هەوڵی تیرۆرکردنی مستەفا کازمی لەرێگای هێرشی درۆن بۆ سەر ماڵەکەی، پەیوەندی گرژی مستەفا کازمی، سەرۆکوەزیران و گرووپە وەلائییەکان پێی نایە قۆناخێکی نوێ لە ئاڵۆزی و پێکدا هەڵپژان. هەرچەندە ئێستا هاوپەیمانی فەتح و گرووپە چەکدارە شیعەکان، کازمی بە هۆکاری سەرەکی پاشەکشەی بەرچاوی کورسییەکانیان دەزانن، بەڵام بێزاری و تووڕەیی ئەوان لە ناوبراو تەنیا بۆ هەڵبژاردنی 10ی تشرین ناگەڕێتەوە، راستە لە سایەی ویلایەتە 15 مانگییەکەی کازمیدا کورسییەکانی فەتح (باڵە سیاسییەکانی حەشد) لە 47 کورسییەوە دابەزی بۆ 17 کورسی، کەتیبەکانی حیزبوڵڵاش تەنیا یەك کورسییان بۆ مسۆگەر کرا، بەڵام سەرەتای بەریەککەوتن لەگەڵ کازمی، بەر لەوەرگرتنی پۆستەکەیەتی و لەوکاتەوە دەست پێدەکات تۆمەتبارکرا بە هاوکاریکردنی ئەمەریکییەکان لە کوشتنی ژەنەراڵ قاسمی سلێمانی و تەواوکەرە عێراقییەکەی؛ ئەبو مەهدی موهەندیس (کانونی دووەمی 2020).

سەرەتا کازمی وەك رۆژنامەڤان، توێژەر و ئەرشیڤیست کاری کردووە، یەکەمجار لە رێگەی عەبادییەوە هاتووەتە ریزی بەرپرسانی حکومەتی عێراق و سەرۆکایەتی دەزگای هەواڵگریی وەرگرتووە (2016)، جگە لەوەی کازمی برای یەکێك لە هاوەڵزاواکانی حەیدەر عەبادییە (صباح مشتت)، هەردووکیان لەسەر ئەو بەرەیە ئەژمارن کە پێی دەگوترێت "میانڕەوی شیعی" و پەیوەندی باشیان لەگەڵ وڵاتانی رۆژئاوا بەتایبەت ئەمەریکا و بەریتانیا هەیە، لە ساڵانی شەڕی داعش و دواتر (2016_2020) کازمی تۆڕێك پەیوەندی لەگەڵ ئەو جەمسەرانەی ناوچەکە دروستکردووە کە مایەی بێزارین بۆ گرووپە چەکدارەکانی شوێنکەوتەی ئێران، زۆر هاوڕێیانە لەگەڵ بن سەلمانی شازادەی جێنشینی سعودیە مامەڵە دەکات. هەروەها، تاوەکو رادەی تۆمەتبارکردن بە کارکردن بۆ بنەماڵەی حوکمڕانی ئیمارات، نزیکە لە ئەبوزەبییەوە، دۆستایەتی تایبەتی لەگەڵ سیسی سەرۆکی میسر و شا عەبدوڵڵای پادشای ئوردن هەیە، بایدن دەرگای کۆشکی سپی بۆ کردەوە و رێزێکی شاهانەی لەخۆی و شاندەکەی گرت (تەمموزی 2021)، لە کاتێکدا ئەمە بۆ عادل عەبدولمەهدی پەسەندکراوی گرووپە چەکدارەکان نەکرا و لە ویلایەتە یەك ساڵییەکەیدا بانگهێشت نەکرا بۆ دیداری سەرۆکی ئەمەریکا، پاپای هێنایە عێراقەوە، شێخی ئەزهەری بانگهێشت کردووە، ئەم پەیوەندییانەی کازمی هەمیشە مایەی ترس و دڵەخورتێ و بێزارین بۆ ئەو بەرەیەی پێیانوایە عێراق جگە لە ئێران نابێت هیچ پەیوەندی و رووگەیەکی دیکەی ستراتیژی درێژخایەنی هەبێت.

جگە لە ناکۆکی لەسەر شوناسی دەوڵەت و پەیوەندییە دەرەکییەکانی عێراق، کازمی چەند جارێك چووەتە رووبەڕووبوونەوەی دەستەو یەخە لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان، لە حوزەیرانی 2020، گرووپێك چەکداری حیزبوڵڵای دەستگیرکرد بە تۆمەتی موشەك هاویشتن بۆ ناوچەی سەوز، هەرچەندە لەم هەنگاوەیدا سەرکەوتوو نەبوو بەوپێیەی دواتر لە ژێر گوشار و گەمارۆی ناوچەی سەوز ناچاربوو بەوەی ئازادیان بکات، بەڵام ئەمە بازدانێکی گەورەبوو بەسەر سیاسەتی عەبادی و عەبدولمەهدی لە مامەڵەکردن لەگەڵ چەکدارەکان، یەکەمیان (2014_2018) لەبەر ئەوەی لە شەڕی داعشدا بوو. هەروەها، وەك سەرکردەیەکی حیزبی دەعوە پەیوەست بوو بە هاوکێشەی ئیسلامی سیاسی شیعەوە، زیاتر هەڵکردنی لەگەڵ میلیشیاکاندا هەڵبژارد و لە کۆتاییەکانی ویلایەتەکەشی هەندێك هەڵمەتی راگەیاندنی دژ بەسەرکردەکانیان کرد، کەچی دواتر تا ئاستی هاوپەیمانی لێیان نزیك بوویەوە و لیستێکی هاوبەشی شکستخواردوویان بۆ هەڵبژاردنی 2018 راگەیاند!، هەرچی عادل عەبدولمەهدیشە، سەردەمەکەی بە بەهاری میلیشیاکان لە قەڵەم دەدرێت چونکە لە بن دەستی ئەوەوە جگە لە دەستخستنی بودجە و شەرعیەت، لە بن دەستی ئەوەوە گروپە چەکدارەکان کەوتنە کوشتاری خۆپیشاندەران (تشرینی 2019).

لەپاش حیزبوڵڵا کازمی لە کۆتایی ساڵی رابردوو، لەگەڵ بزوتنەوەی عەسایبی قەیس خەزعەلی تێکگیرا بەهۆی ئەوەی کادرێکی باڵای سەربازیی ئەم بزوتنەوەیەی بەتۆمەتی هێرش بۆسەر ناوچەی سەوز دەستگیرکرد، گرژی نێوان عەسایب و حکومەت گەیشتە بڵاوکردنەوەی هێزی هەردوولا لە هەندێك گەڕەکی بەغدا، چەند مانگێك پاش ئەوەش فەرماندەی لیوای "الطفوف"، قاسم موسڵیحی بەتۆمەتی کوشتنی چالاکڤانان ئیهاب وەزەنی، دەستگیرکرد (ئایاری 2021)، ئەمەش دەرگای کردەوە بۆ ئەگەری بەریەککەوتنی گەورە لە ناوچەی سەوزی بەغدا و مانۆڕی سەربازی رەبعوڵڵا لە نزیك سەرۆکایەتی حکومەت، بەر لە هێرشی سەر ماڵی سەرۆکوەزیرانیش ئەمە بەگەورەترین پشێلی شکۆی دەوڵەت ئاماژەی بۆ دەکرا.

لەو ساڵ و چەند مانگەی کازمی سەرۆکوەزیران بووە، زۆرجار میلیشیاکانی تووڕەو بێتاقەت بوون لە هەنگاوەکانی و هەستیان بەئارامی نەکردووە لەگەڵی، کەڵکی لە دۆخی پاش قاسم سلێمانی وەرگرتووە، بۆ دروستکردنی پرد لەگەڵ باڵی ئیتلاعات لە ئێران، شوناسی

بکوژانی رۆژنامەوان ئەحمەد عەبدولسەمەد و سەفا سەرای هاوکاری و هەروەها توێژەر هیشام ئەلهاشمی ئاشکرا کرد کە سەرجەمیان لینکیان لەگەڵ گرووپە چەکدارەکان هەبوو، جاران ئەم تاوانانە بێدەنگییان لێ دەکرا و چەکدارەکان پێیان وابوو دەوڵەت لەوە لاوازترە ئەم نهێنییانەی ئەوان بخاتە بەردەست میدیاکان و لەبەرچاوی خەڵك و دنیاش هێندە ئیحراج و پەرگیر و ناچار بە روونکردنەوە و رەتکردنەوەیان بکات.

ئێستا، گرووپەکانی حەشد و لەگەڵ ئەوانیشدا نوری مالیکی هەموو قورسایی خۆیان خستووەتەسەر ئەوەی رێگە نەدەن کازمی ببێتەوە بە سەرۆکوەزیران، مالیکی بەدوای دەسکەوتی خۆی دەگەڕێت و سیاسییەکی بەناوبانگە لە لەمپەر دروستکردن بۆ ئەوانەی ناچنە عەقڵییەوە، بەڵام حەشد و حیزبوڵڵا پێیان وایە ئەگەر 15 مانگی کازمی درێژ ببێتەوە بۆ چوارساڵی داهاتوو ئەوە بە پاڵپشتی سەدر و وڵاتانی دەرەوە، بەتەواوی کار لەسەر بەرتەسککردنەوەی پێگە و هەژموونی حەشدی وەلائی دەکات، تەنانەت ئەوە زۆر باوە کە دەڵێن هادی عامری سەرۆکی فەتح وتوویەتی "بەسەدرییەکی پەتی رازی دەبم ببێتە سەرۆکوەزیران، بەڵام بە کازمی نا"، لەپاش گرژییەکانی هەینی رابردووش لە ناوچەی سەوز ئەبو ئالائی وەلائیی ئەمینداری کەتیبەکانی سەیدولشوهەدا، لە تویتێکدا جەختی کردەوە ناهێڵن کازمی نەك سەرۆکوەزیران بەڵکو پۆستی سەرۆکی دەزگای هەواڵگری ـ ش وەربگرێتەوە، بەدوای ئەوەشدا قەیس خەزعەلی ئەمینداری عەسایب بە سیفەتی "شروگییەکی رەسەن" کۆمەڵێك هەڕەشەی توندی لە گرتەیەکی ڤیدیۆییدا بۆ رەوانەکرد و سوێندی خوارد جێبەجێیان بکات.

جگە لەمانەش لە بەرچاوی وەلائییەکان، لەپشت کازمییەوە تارمایی سەدر ئامادەییەکی گەورەی هەیە، ئەویش کە ئێستا بووەتە یەکەم (74 کورسی)، دنیایەك کێشەی کەڵەکەبووی لەگەڵ باڵە چەکدارە ئێرانییەکان هەیە، بەشێك لەوان لە بن عەباکەی خۆیەوە هاتوونەتە دەرەوە و جیابوونەوەکانیان بووە بە کێشەیەکی کەسێتی، بەشێکی تریان شەڕی دەسەڵات و کاریگەریی لەگەڵدا دەکەن و تێکەڵ بە هەستی عێراچێتی و پاشکۆیەتی ئێرانیش بووە، لەم کێشمەکێشەدا کازمی بە ئاشکرا لەبەرەی سەدرە و بەئاشکرا گوتوویەتی "سەید موقتەدا رێبەری موقاوەمەیە بە عینادیی ئەوانەی نکولی دەکەن"، لەپاش هێرشکردنە سەر کازمیش سەدر یەکەم کەس بوو پەیوەندی پێوەکرد و تویتی بۆکرد، بەم پێیەش بەشێك لە کەین و بەینی نێوان کازمی و چەکدارەکان شەڕی پشت پەردەی سەدر و وەلائییەکانە لە رێگای وەکالەتەوە.